# کوژانەوەی ئەستێرەی ئاسمانی ڕۆژ و ئاگر

بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر دوکتور نادر نادرۆڤ لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵەی کوردەکانی کازاخستان(بەربانگ) دەنگدانەوەی جیهانی لێکەوتەوە. جگە لە ڕۆژنامە و مێدیای کازاخستان، ڕووسیە و مێدیای کوردەکان، بە زمانی ئینگلیسی، ئاڵمانی، فەڕانسە، عەرەبی، فارسی، تورکی و زمانی تر ئەم هەواڵە بڵاوکرایەوە:" نادر نادرۆڤ پسپۆڕی کیمیا و نەوت و گاز لە تەمەنی ۸۹ ساڵی دڵی لە لێدان کەوت ".
ناوەندەکانی زانستی، دەوڵەتی، سیاسی کازاخستان بەر لە هەموویان نەزەربایۆڤ سەرۆککۆماری کازاخستان کۆچی دوایی نادرۆڤی بە خەسارێکی گەورە بۆ وڵاتەکەی لێکداوە. لە باشووری کوردستان مەسعوود بارزانی، نەچیروان بارزانی پەیامی سەرەخۆشیان بۆ ماڵباتی نادرۆڤ و نەتەوەی کورد نارد .
کۆمەڵەی کوردەکانی کازاخستان لە ڕاگەیاندنەکەیاندا کە لە ڕۆژنامەی سپۆتنیکی٢٤ی ئاگۆست بڵاو کراوەتەوە، دەنووسن:" لەم ڕۆژە دژوارانەی کە لە وڵاتەکەی ئێمە دەرباز دەبێ و خەڵکی جیهان لە گەڵ ویرووسی کرۆنا دەستەویەخەن، نادر نادرۆڤ بەجێی هێشتین ".
سپۆتنیک دەنووسێ:" سەرۆکی فەخری فدراسیۆنی ناوەتەوەیی کوردەکان، بەرپرسی لە مێژینەی کوردەکانی کازاخستان، کەسی بەرچاوی زانست و سیستەمی فێربوون و ئاکادمیسێنی ناودار نادر نادرۆڤ لە تەمەنی ۸۹ ساڵی، ماڵئاوایی لە ژیان کرد ".
نادر نادرۆڤ لە ڕۆژی ١٩٣٢/٠١/٦ لە گوندی قیقاچ لە نەخچەوان سەر بە کۆماری ئازەربایجان(سۆڤیەتی پێشوو) لە دایک بوو. سپۆتنیک دەنووسێ" ساڵی ١٩٣٧ نادرۆڤ و بنەماڵەکەی لە ئازاربایجانەوە بۆ ناوچەی(Dzhambul) لە کازاخستان دەگوێزرێنەوە و هەتا ساڵی ١٩٥٦ بە پێی فەرمانێکی تایبەت(سۆڤیەتی پێشوو) مافی سەفەرکردنیان بۆ هیچ شوێنێک نەبوو. پاش لەبەریەک هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بە پێی قانوونی نوێی کۆماری کازاخستان لە ڕێکەوتی ١٤ی ئاپریلی ١٩٩٣ کوردەکان وەک قوربانیانی سیاسی بە کۆمەڵ ڕاونندراو بە ڕەسمی ناسێندران". لەو کاتەوە مافی هاتوچۆیان پێبەخشرا و دواتر وەک هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.
نادرۆڤ لە وتووێژ لە گەڵ ڕۆژنامەنووس حەسەن حاجی سولەیمان و تامارا عەلی محەممەد ساڵی ٢٠١٢ کە لە ڕۆژنامەی "تیرێژ" هەمان ساڵ لە ئەستانبول بڵاو کراوەتەوە دەڵێ" بڕیار بوو کوردەکان ڕەوانەی سیبری بکرێن، بەڵام دواتر بە دەرەجەیەک لێبووردن ڕەوانەی کازاخستان کراین."
ڕاگوێستنی کوردەکان لە ئازەربایجانەوە بۆ کازاخستان حەوت ساڵ دوای تێکدانی کۆماری سوور(١٩٢٣-١٩٣٠) دەستی پێکرا، چیرۆکی ئەم ڕاونان و گواستنەوەیە کە بوو بە هۆی لە ناوچوونی کۆمەڵێک لە کوردەکان لە لایەن نادر نادرۆڤەوە لە دوو بەرگ کتێبدا کە ژیانی بنەماڵەکەی خۆشی دەگرێتەوە، تۆمار کراوە .
نادرۆڤ لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی بنەماڵەکەی لە وتووێژ لە گەڵ "تیرێژ" دەبێژێ: " ... باوکم و باپیرم خەڵکی شاری وان لە باکووری کوردستان بوون. بنەچەکی من هەموو لە وان لە دایک بوون و هەر لەوێ وەفاتیان کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٢٥ دەوڵەتی تورکیا جارێکی تر سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی خۆی ڕەچاو کرد. باپیرم یەک لە سەدان و هەزاران کورد بوو کە خرانە ناو بەندیخانکانی ترسناکی تورکیە... کاتی لاوی باوکم بە هۆی زوڵم و زۆری تورکان لە گەڵ زۆر کەسی تر لە ڕۆباری ئاراس پەڕینەوە و ئاودیوی نەخچەوان بوون لە کۆماری ئازەربایجان.کە ئەو کات بەشێک لە سۆڤیەتی پێشوو بوو. لە نەخچەوان گوندێک بۆ خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە و ناوی دەنێن قیقاچ. لە ماوەی دوو ساڵ هەر کەس بە هۆی زوڵمی تورکان ڕادەکەن ئەو ناوچەیە ئاوەدان دەکەنەوە و گوندی خۆیان ساز دەکەن. ئەوەی من باسم کرد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٦".
سپۆتنیک دەنووسێ:" نادر نادرۆڤ نووسەری ١٢٠٠ بابەتی زانستی و هەروەها ئیبتکاری نوێی زانستی یە. ئەو خاوەنی ٣١ بەرهەمی مۆنۆ گرافی، دە کتێبی دەرسی و خاوەنی تۆمارکردنی ٢٥٠ دۆزینەوەی نوێیە کە بە ڕەسمی تۆمار کراون. چەند لە بەناوبانگترین بەرهەمەکان بریتین لە >> هاوکێشی کیمیا و پرێنسیپی تیکەڵکردن ١٩٩٦<<،  >>تۆکۆفەڕۆڵ و بەکارهێنانی لە بواری پزیشکی

و کشتوکاڵ ١٩٩١<<، >>تێرێنگیز-دەریای پڕ لە نەوت، دەریای پڕ گرفت ٢٠٠٣<<، >>نەوتی نوێی کازاخستان و بەکارهێنانی(٨ بەرگ ١٩٧٩-١٩٨٧<<، >>مێژووی نەوت ٥ بەرگ ١٩٨٢-١٩٨٨".<<

کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی نادرۆڤ بە زمانی ئینگلیسی لە کازاخستان، کانەدا بڵاو کراونەتەوە .

جگە لە بەرهەمەکانی لە بواری نەوت و گاز و کیمیا ئەو بەرهەمانەی کە لە سەر کورد و دۆزی کورد نووسراون و بڵاو کراونەتەوە پێگەی زانستی نادرۆڤ لە بواری باس لە کورد دەردەخات، وەک کتێبی " کوردەکانی کازاخستان" ٥٥٦ لاپەڕە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو کراوەتەوە. نادر نادرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٦ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی کۆمەڵەی کوردەکانی کازاخستان(بەربانگ) بوو.

شانۆکار، نەققاش و تەنزنووس سولەیمان فەرشی(عەزیز) ئەو کاتەی خوێندکاری زانستگای لۆمۆبای شاری ئاڵمائاتا بوو، تێکەڵ بە ژیانی کوردەکانی کازاخستان و بنەماڵەی نادر نادرۆڤ دەبێ و پێوەندییەکانی ڕادەگرێ .ئەو دەگێڕێتەوە" لە ناو ماڵەکەی نووسرابوو، لەو ماڵە بە کوردی قسە دەکرێ ."ئەو ناوی نادر نادرۆڤ و کورد گرێدراو دەبینێ و گەلێک میناک دەهێنێتەوە کە دەیسەلمێنێ کە لە کازاخستان و شاری ئاڵمائاتا کورد بە نادرۆڤ و نادرۆڤ بە کورد دەناسرێنەوە .ئەو دەڵێ: " پاش نیشتەجێبوونم لە ئاڵمان گەڕامەوە ئاڵمائاتا بە بێ ئەوەی ئادرەسی کەسم لا مابێ .دەمویست پارە بگۆڕمەوە، خانمی بەرپرس پێمی گوت >>تۆ خەڵکی ئێرە نی<<، گوتم لە ئاڵمانەوە هاتووم و کوردم. پرسی >>کێ دەناسی؟ <<ناوی نادرۆڤم هێنا، گوتی >>ئێمە هەموو خزمین .<<ئەو خانمە لە گەڵ کوردەکان و بنەماڵەی نادرۆڤی گرێیدامەوە."

ڕازی مانەوەی کوردەکان لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کازاخستان، گورجستان، ڕوسیا و شوێنەکانی تر ئەم گرێدراوییە بوو، نادر نادرۆڤ یەک لە هۆ گرنگەکانی گرێدانی کوردەکان لە یەک و گرێدانی کوردی نیشتەجێ لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو، لە گەڵ کوردی کوردستان بوو .

ئەو پێوەندی نزیک لە گەڵ ڕابەرانی سیاسی کورد لە هەموو پارچەکان ساز دەکات و لە سۆڤیەتی پێشووش یەکەم ناونیشان بۆ کوردی دەرەوەی سۆڤیەت بوو. کاتێ باشوور ئازاد دەبێ، لە گەڵ خوشکەزاکەی کە یەک لە کەسانی گرنگی کازاخستان و ئاڵمائاتایە دەچنە کوردستان و میوانی دۆستی لە مێژینەی عەزیز محەممەد دەبن. کاتێ پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا نیشتەجێ دەبن سەردانیان دەکات و چاوی بە عەبدوڵا ئوجەلان دەکەوێ. نادرۆڤ لە ئوورووپا لە کۆنفرانس و کۆنگرە و سمینارە گرنگەکانی تایبەت بە کورد بەشداری دەکات و پێوەندی لە گەڵ هەموو لایەنی سیاسی کورد کە زۆربەیان ناتەبا لە گەڵ یەکترن، پەیدا دەکات بە بێ ئەوەی خۆی تووشی گرفتی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی ئەوان بکات و خۆی بە تەنیا لە یەک لەواندا ببینێتەوە .

ئەو بۆ یەک مەبەست، پێشکەوتنی دۆزی سیاسی کورد تێدەکۆشا و خۆی لە سەنگەری ئەم حزب و ئەو حزبدا نە دەدیتەوە، سەنگەر و مەتەریزی ئەو کورد و زانست و سیاسەتی پێشکەوتوونانە بوو .

کورد و زانا و ئاکادمیسێن و نوخبەی سیاسی، هونەریی، فەرهەنگی و کەسانی ئاسایی کوردستان پێویستیان بە تێگەیشتنێکی گشتی هەمەلایەنانەی وەک تێگەیشتنی نادر نادرۆڤ هەیە.

یەک لە قسەکانی نادر نادرۆڤ ئەوە بوو: " گەر نەتوانم کار بکەم، دەمەوێ برۆم". نادرۆڤ هەتا دواڕۆژەکانی ژیانی وەک هەموو ڕۆژێ دەچووە سەر کاری ڕۆژانەی. ئەو تەنیا دوو ڕۆژی کۆتایی ژیانی نەیتوانی بچێتە سەر کار. نادرۆڤ هەتا تەمەنی ٨٩ ساڵی چووار مانگ بەر لەوەی مۆمی نەوەد ساڵەی لەدایکبوونی داگیرسێنێ، کوژایەوە .

مرۆڤێک کە مۆمئاسا بۆ کورد و مافەکانی و زانست ڕۆشنایی بوو.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

سەرچاوەکان: زانیاری ئەم کورتە بابەتە لە زمانی ڕووسی، کوردی کرمانجی، ئاڵمانی وەرگیراوە.

وێنە و کۆمەڵێک زانیاری ورد کە لێرەدا بەکار هێندراوە، لە ڕێگای سولەیمان فەرشی یەوە لە بنەماڵەکەی وەرگیراوە.

لە گەڵ ئەم نووسراوەیە کۆمەڵێک فیلم بڵاودەکرێنەوە کە لە ئینترنێت و بنەماڵەکەی وەرگیراون.